# ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک لە سویسرا، موسڵ شارێکی کوردستانییە!

**دەرسیم دییەگیی**



جێگەی داخە، کاتێك ڕێکخراوێك کە لەپێناوی سڕینەوەی شوێنەواری بە عەرەبکردنی شارێکی کوردستانی وەکو کەرکوك دامەزرابێ‌و خەبات‌و هەوڵەکانی بەو ئاقارەدا ئاراستەبکات، کەچی نەك هەر هەست بە ئێش‌و ئازارەکانی بە عەرەبکردن‌و ڕاگواستنەکانی دانیشتوانی کوردی ڕەسەنی شارێکی تری کوردستانی نەکات، بەڵکو بەشارێکی کوردستانی ناوزەند بکات‌و تا ئەو ڕادەیە بێ ئاگابێ‌و، شارەزای مێژووی بە عەرەبکردن‌و ڕاگواستنی کوردی شارێکی وەکو شاری موسڵ ـ ی کوردستانی دەستە خوشکی شاری کەرکوك نەبێت‌و بەشارێکی ناکوردیشی ناو ببات! !. ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك لەسویسرا،" لەبەیاننامەیەکی نارەزایی خۆیدا کە لەژێر ناوی بەیاننامەی نارەزایی ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك" کە لە٢١ ـ ١١ ـ٢٠٠٥ دا نووسراوەو لە٢٢ ـ١١ ـ٢٠٠٥دا لەماڵپەڕی "پوك ئۆنلاین" دا بڵاوکراوەتەوەو، ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرۆك کۆماری عێراق، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پارت‌و ڕێکخراوە ڕامیاری‌و پیشەییەکانی کوردستان‌و ئازادیخوازانی جیهان کراوە، لەخاڵی سێیەمی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: (گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە خراونەتە سەر پارێزگاکانی تری ناکوردی، وەك موسڵ‌و تکریت‌و دیالا، بێ قەید و مەرج بگێڕنەوە سەر کوردستان‌و هەروەها ئەو شوێنە دابڕاوانەی کە خراونەتە سەر پارێزگای سلێمانی‌و هەولێر بگەڕێندرێنەوە سەر بەڕێوبەرایەتیی‌یە کۆنەکەی خۆی، کە ئەمانە بە پێی سیاسەتێکی شۆڤێنیانە نەخشەی بۆ داڕێژرابوو بۆ نەمانی ئاسەواری کورد). نەك تەنیا بەڵگەنامە زۆرن بۆ سەلماندنی کوردێتی‌و کوردستانێتی شاری موسڵ کە لەنێویاندا چەندین گەڕیدەو مێژوو نووس‌و جوگرافیناسی عەرەب خۆیان گەواهی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەدەن، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، کوردستانییەتی هەردوو شاری دیالەو تکریت ـ یش، دەتوانرێت بە ئاسانی ڕوونبکرێتەوە !

بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی شاری موسڵ، تەنیا یەك بەڵگەنامە دەخەمەڕوو کە تەواوی سەرکردە کوردستانییەکان، سیاسەتمەدارانی کوردستانی، پارتە کوردستانییەکان، کوردستانییەکان‌و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دژ بە بەعەرەبکردنی کەرکوك‌و کوردستان، بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی شاری کەرکوك پشتی پێدەبەستن، ئەویش بەڵگەنامەکەی بیبلیۆ گرافیست‌و زاناو گەڕیدەی بەناوبانگی تورك شەمسەدین سامی‌یە کە لەلاپەڕە (٣٨٤٦ )ی قاموسی ئەعلامی تورکی عوسمانی (ئینسکلۆ پیدیای عوسمانی)، کە لەساڵی( ١٣١٤) ی ك (١٨٩٧) دا لەچاپدراوەو دەقی ئەو لاپەڕەیە بە زمانی تورکی لەگەڵ وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی لەلاپەڕە( ٥ ) ی ژمارە (٤٧٤) ی هەینی (٢٠٠٢/٥/٢٤ ) ی ڕۆژنامەی (ئەلئتحاد) ی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:

(کەرکوك شارێکە .. دەکەوێتە ناو ویلایەتی موسڵی کوردستانی‌و بە دووری (١٦٠) کم لەباشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ کە مەڵبەندی هەرێمی شارەزوورە، ژمارەی دانیشتوانی (٣٠) هەزار کەسە، سێ بەشی (٢٢٥٠٠) کەسی ئەو ژمارەیە کوردەو، بەشەکەی تری بریتییە لەتورك‌و عەرەب‌و خەڵکانی تر، هەروەها (٦٧٠) جولەکەو (٤٣٠) کلدانی تیا دەژیت. ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە ئینسکلۆپیدیای عوسمانی دا هاتووە، بەڵگەیەکی دووسەرەیەو دەتوانێت بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی هەردوو شاری کەرکوك‌و موسڵ بەکاربهێنێت، هەروەکو کورد گوتەنی:شەمسەدین سامی، بە بەردێك دوو چۆلەکەی بۆ کوشتین، ئەگەر بێتوو ئێمەی کورد بە ووریایی ئەو بە لگەیە بەکاربهێنین. کاتێ کە ئینسکلۆپیدیایە دەنووسێت:(کەرکوك شارێکە...دەکەوێتە ناو ویلایەتی موسڵی کوردستانی)، کەواتە تەواوی ویلایەتەکە کە شارەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، دهۆك، خانەقین و بەشێکی دیالە) دەگرێتەوە کوردی و کوردستانین . ئەگەر بێتوو،ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك لەسویسرا،بە ووردی تەنیا ئەو بەڵگەنامەیان لەسەر شاری کەرکوك بخوێندبایەوە، ئەوە هەرگیز هەڵەیەکی وایان نەکرد کە شاری موسڵ ـ ی کوردستان بەشارێکی ناکوردی ناوببەن.

Darsım88@hotmail.com

# ئاوارە بێ وەڵامەکان چۆن لەچارەنووسی خۆیان دەڕوانن




دوای ئەوەی هەواڵی دیپۆرتکردنەوەی ئاوارە بێوەڵامەکانی باشووری کوردستان لەلایەن بەریتانیاو سوید و چەند وڵاتێکی دیکە سەردێڕی هەواڵەکانی میدیاکانی گرتەوە، نیگەرانی‌و دڵتەنگی لەنێو ئەو کوردانەی باشووری کوردستان کە بەمەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەری ڕوویان لەوڵاتانی ئەوروپا کردووە، پەیدا بووە. بۆ ئەم مەبەستە پەیامنێری ڕۆژی گەل بەباشی زانی ڕای هەندێ پەنابەر وەربگرێ کە ماوەی چەند ساڵێکە لەوڵاتانی ئەوروپادا دەژین‌و داواکەیان ڕەتکراوەتەوە. هەندێك لەو پەنابەرانە لەڕەوشێکی زۆر ناخۆشی بژێوی‌و دەروونیدا دەژین. هەندێکیشیان توانیویانە خۆیان بدزنەوە و لەگۆشەیەکدا ڕەشکاری بکەن. لێرەدا هەم ئەو پەنابەرە مانگانە شتێکی دەست دەکەوێت، هەمیش خاوەن کارەکە کرێکارێکی هەرزانتری دەست دەکەوێت، بەڵام لەڕووی یاسای ئەو وڵاتانەوە هەردوو لایان بە یاساشکێن دەناسرێن‌و ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان بگیرێن سزای مادیی دەدرێن.

(ب.ع) کوردێکی باشووری کوردستانە ماوەی( ٣) ساڵ‌و( ١٠)مانگە گەیشتۆتە وڵاتی سوید، بەڵام وەڵامی نەرێی وەرگرتۆتەوە.

سەبارەت بە چارەنووسی خۆی گوتی:{ئەوەی ڕاستی بێت لەدڵەڕاوکێدا دەژیم. هەرچەندە (٢) وەڵامی ڕەفزم وەرگرتووە، بەڵام دیسانەوە ئامادەنیم سوید بەجێبهێڵم‌و بە دەستی بەتاڵ بۆ کوردستان بگەڕێمەوە. من زیاتر لە(٦) هەزار دۆلارم قەرز کرد، خۆم پێگەیاندە ئەوروپا. لەو ماوەیەی کە لەسوید، ڕەشکاریم کردووە، توانیومە (٥) هەزار دۆلار لەقەرزەکە بدەمەوە. من بۆ ژیانێکی خۆشتر‌و ئاسوودە هاتوومەتە سوید بەڵام لێرە تەنیا ماندووبوونم پێبڕاوە، کار دەکەم‌و قەرز دەدەمەوە. ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان بگیرێم ڕەوانەی کەمپم دەکەنەوە کە لەباکووری سویدە. هەر دەڵێی سەهۆڵبەندانە. من هەرگیز ئامادەنیم بەدەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە. من جارێ خۆم مات کردووە. ئەگەر گیرام‌و ویستیان دیپۆرتم بکەنەوە، ئەو کاتە خۆم دەزانم چی دەکەم! !}.

مامۆستا (ئەلف. س) خەڵکی شاری سلێمانییە. ماوەی (٧) ساڵە کوردستانی جێهێشتووە. سەرەتا لە بولگاریاو دواتریش لەئەڵمانیاو ئێستاش لەوڵاتی سوید گیرساوەتەوە. سەبارەت بەو بڕیارە گوتی:{ لەڕاستیدا من حەز دەکەم دەوڵەتی سوید بۆ خۆی ڕەوانەم بکاتەوە. زۆر لەم ژیانە بێزارم. چەند ساڵێکە لەژن‌و منداڵەکانم دوور کەوتوومەتەوە. ئەوانەی کە بچووك بوون ئێستا گەورەبوونە. ئەگەر بە تەلەفۆن‌و وێنە نەبێ هەر ناشم ناسن دەزانم گەڕانەوە شەرمەزاری بە دواوەیە، بەڵام ئەگەر مافی مانەوەم پێنەدەن من چیبکەم، تاکەی بەتەنیاو دوور لەژن‌و منداڵەکانم بژیم! !. هەرچەندە من ڕەشکاری دەکەم‌و مانگانە (٣) گەڵا بۆ منداڵەکانم ڕەوانەدەکەمەوە، بەڵام پارە ناردنەوە بە تەنیا هیچ نییە، ئەگەر مرۆڤ لەماڵی خۆی دووربێت، یەك فلس ناهێنێ}

(س. ك) تەمەن (٣٢) ساڵ، ماوەی (٥) ساڵ زیاترە لەوڵاتی هۆڵەندا دەژی، وەڵام ڕەتی وەرگرتبوو، بەڵام چونکە دایك‌و باوك‌و هەندێ ئەندامانی بنەماڵەکەی لەهۆڵەندا دەژین، ئەویش لەم دواییانەدا کەیسەکەی لەلایەن بەڕێوبەرێتی کۆچبەرانی هۆڵەندا دووبارەکراوەتەوەو چاوی پیاخشانراوەتەوە گفتی ئەوەیان داوەتێ کە مافی مانەوەی پێدەدەن. ئەو زۆر لەژیانی خۆی نیگەران بوو، لەوەڵامدا گوتی:{ خۆزگە هەر نەهاتبامایە ئەوروپا. من هەموو تەمەنی لاویم بە خۆڕایی لەکامپی پەنابەران‌و کارکردنی ناو ریستۆرانەکان بەفیڕۆ چوو. تەنیا شەش مانگی یەکەم وڵاتی هۆڵەندا پارەی خواردنی پێدام، دواتر لەکامپ دەریان کردم، منیش چوومە سەر ئەدرێسی ماڵەوەمان، بەڵام ئەوانیش لەسەر سۆسیال دەژیان، ناچار دەستم بە کارکردن کرد. ماوەی (٤) ساڵ بە بێ ڕاوەستان لەرستۆرانێکی ئەمستردام بەڕەش کارم کرد، خاوەن ریستۆرانەکە زۆر بێویژدان‌و پارەپەرست بوو، بەچاوی کۆیلەو زیندانی لەکرێکارەکانی دەڕوانی، هەموومان ئەوانەی لەو ریستۆرانەکارمان دەکرد، ڕەفزمان هەبوو. ئەمەکارتی یانسیب بوو بۆ خاوەن ریستۆرانەکە دەرچوو بوو. کاتژمێر ٩ی بەیانی دەچووینە سەر کارو کاتژمێر ١٠ی شەو تەواو دەبووین، باوەڕتان هەبێ ڕۆژانە تەنها ١٠تا ٢٠ ئۆرۆی پێدەداین، ئەمەش بەشی جل‌و بەرگ‌و پێداویستیەکانی دیکەی نەدەکر.

(ئا.م) ماوەی (٢) ساڵە خۆی‌و مێردەکەی لەئەڵمانیا دەژین‌و وەڵامی ڕەفزیان پێدراوەتەوە.

ئەوان زۆر لەچارەنووسی خۆیان نیگەرانن. لەوەڵامی ئەوەدا ئەگەر ڕۆژێك دیپۆرت کرانەوە چی دەکەن، گوتی: { من هەرگیز جارێکی دیکە ڕوو لەکوردستان ناکەمەوە. دەزانی چ دەردەسەریم پێکرا، چ ئازارێکم بینی! !. من زیاتر لە (٩) ساڵە کە کوردستانم جێهێشتووە، (٤) ساڵ لەتورکیاو، ساڵێك لەیۆنان، ئەمە (٤) ساڵیشە لەئەڵمانیام. لەهایمێك دەژیم ئەگەر سەگی تەنگاو بکەی ناچێتەناوی، بەڵام چارچییە! !. دووجاران ویستوومە خۆکوژی بکەم، جارێکیان بەپەلەمنیان گەیاندە نەخۆشخانە، جاری دووەمیش لەبەر خاتری منداڵە بچووکەکەم پەشیمان بوومەوە. گرفت ئەوەیەنابێ (٣٠) کیلۆمەتر زیاتر لەهایمەکەمان دوورتر بکەوینەوە، ئەگەر بمانگرن، سزامان بۆ دەبڕنەوە. سزاکە پارەیە، بەڵام خۆمان پارەمان نییە جا چۆن دەتوانین سزاکە بدەین، با هەر لەسەرمان کۆببێتەوە. مێردەکەم بەدزیەوە لەهایم دەچێتە دەرێ‌و لەلای کابرایەکی تورك لەپیتزەریا (پیتزا) کار دەکات. ئەگەر ئەو کارە نەبێ هەر تەواو بێچارەدەبین. سەربارێ ئەو وەزعەش خزمەکانمان داوای پارەمان لێدەکەن، ئەگەر دەڵێین حاڵمان ئەوهایە، باوەڕمان پێناکەن.

# ئارایشتگاکان چۆن کاردەکەن.؟

**ئا/ شاناز**

سروشتی دروستبوونی ئافرەت جوانییەکی زیاتری پێبەخشیوە، وەك زیاتر لەپیاو جوانیەکانی ئافرەت لەزۆر ڕووەوە دەردەکەوێت، وەك جوانی ڕوخسار، لە شێوازی هەڵس‌و کەوت‌و مامەڵەکردن‌و بەهرەمەندییانەوە. هەر ئەمەش بۆتە ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان بەرامبەر بە ژنان، بەڵام لەهەمووی زیاتر ڕوخسار سەرنجی کەسانی دەوروبەر ڕادەکێشێ ئەمەش بۆتە هۆیەك کە ژنان زیاتر گرنگی بە قژ‌و ڕوخساری خۆیان بدەن تاکو جوانی حۆیان نمایش بکەن، جگە لەوەی کە سروشتی ئافرەت لەڕەنگی پێست‌و قژ‌و شێوەکانەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە بەڵام ژنان بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان بەردەوام گۆڕانکاری لەجوانکاری خۆیاندا دەکەن، زیاتر حەزدەکەن ڕۆژ بەڕۆژ خۆیان بەرەو جوانی‌و گەنجی بەرن. هەر لەکۆنەوە ژنان ئارایشتی خۆیان کردووە بەپێی مۆدیلی ئەو سەردەمانە، هەریەکە بەجۆرێك بووە بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان. ئێستا ئارایشتگاکان ڕێ خۆشکەرێکن بۆ ژنان تاکو زیاتر گرنگی بەڕوخسار و قژ‌و جوانییەکانیان‌و خۆڕازاندنەوە بدەن. لەهەر کۆڵان‌و شەقامێکدا دەبینین چەندین ئارایشتگا هەیە کە هەریەکە پڕوپاگەندە بۆ جوانکاری خۆی دەکات، ئەم ئارایشتگایانە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەنرخ‌و ئیشدا جیاوازن ئارایشتگای واهەیە تەنها بووك ئەڕازێنێتەوە کە نرخێکی خەیاڵی زۆر داوادەکات هەشیانە هەموو جۆرە جوانکارییەك ئەنجام ئەدات بەنرخێکی گونجاو، لەم ئارایشتگانە کەسانی دەست ڕەنگین‌و شارەزا کاردەکەن، کەخاوەن بڕوانامەو ئەزموونێکی زۆرن لەئارایشتکردن، بەدڵنیاییەوە جوانکارییەکانیان جێگەی سەرنجی خەڵکییە، نرخی ئیشکردنەکەشیان گونجاوە لەتوانای هەموو کەسێکدایە بەڵام زۆر لەئارایشتگاکانیش هەن کە بڕوانامەی تەواویان نییە خولێکی سەرەتاییان دیوە کە گوایە شارەزان لەئارایشت‌و قژبڕینداو نرخێکی بەرزو خەیاڵییان لەسەر کارەکانیان داناوە جگە لەوەش زۆرجار کارەکانیان هێندەی نرخەکەیان جواننییە، ئاخۆ سەندیکای ئارایشتگاکان کە مۆڵەت ئەدەن بە ئارایشتگاکان ئەو مەرجانەی کە ئەبێت لەئارایشتگادا هەبێت ڕەچاوی دەکەن یاخود سوودی سەندیکا بۆ ئارایشتگاکان چییەو چیان بۆ دەکات ئایا لێپرسینەوە دەکات لەگەڵ سەرپێچیکەران یاخود مۆڵەتیان ئەداتێ بەبێ بڕوانامەو شارەزایی؟ ئایا کێشەکانیان بۆ چارەسەردەکات یاخود ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان نرخەکاندا لەئارایشتگایەکەوە بۆ ئارایشتگایەکی تر هەیە؟ کێ دایئەنێت ئارایشتگاکان خۆیان یان سەندیکا هەر بۆ ئەم مەبەستەش پرس‌و ڕامانمان لەگەڵ چەند ئارایشتگایەکدا کرد پرسیارمان لێکردن؟ ئایا بوونی سەندیکای ئارایشتگاکان سوودی چییە بۆ ئێوە؟ هەروەها نرخەکان خۆتان دایئەنێن یان سەندیکا؟ ئایا ژنان زیاتر حەز دەکەن بۆ کام لەئارایشتگاکان بچن ئەوانەی کە نرخیان بەرزە یان نرخیان نزمە.؟

ئارایشتگای تارا:

ــ ئێمە حەز دەکەین کە سەندیکا هەبێت بۆ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکەین، کە سەندیکا هەبێت یاساو (نیزام) پەیڕەو دەکرێت ئەو ئارایشتگانەی کە ئەکرێنەوە سەندیکا داوای بڕوانامەیان لێبکەن نەك هەریەك هەستێت لەماڵەکەی خۆیدا ئارایشتگایەك بکاتەوە. هەروەها مۆڵەتی هەبێت ئەگەر وانەبێت سەندیکا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن، ئارایشتگای وا هەیە لەکۆڵان‌و ماڵاندا دەکرێتەوە بە هۆی ئەوەی کە شوێنەکەی خۆشە مەرجی تەندروستی تێدایە لەوەزارەتی تەندروستییەوە مۆڵەتی دەدرێتێ بەڵام مۆڵەتی سەندیکای نییەبۆیەپێویستە هەبێت بۆ ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن باشتر وایە سەندیکا وەك ساڵانی پێش ڕاپەڕین لێژنەی (ئینزیباتی) هەبوو ئەو لێژنانە دابنرێنەوە کە کێ مۆڵەتی هەیە هەروەها چەند ئارایشتگایەك هەیە یەك ناوی هەیە باشتر وایە ناوەکان چاك بکرێنەوە هەریەکە ناوی خۆی هەبێت.

ئێمە حەزدەکەین سەندیکا نرخ دابنێت لێپرسینەوەش هەبێت بەڵام هەیانە گوێ نادەنە نرخی دانراو هەرکە بازاڕیان گەرم بوو نرخ بەرزدەکەنەوە پێویستە سەندیکا لەنزیکەوە چاودێرییان بکات بەرپرسیارێتی خۆی بنوێنێ بەرامبەر ئەوانەی کە لەخۆیانەوە نرخ بەرزدەکەنەوە لێپرسینەوە پشتگوێ نەخرێت.

ئەو ئافرەتانەی کە دێن بۆ خۆڕازاندنەوە هەندێکیان دەچنە هەرزانترین شوێن کە نرخەکەی هەرزان بێت، هەیانە گوێ نادەنە جوانی کارەکە تەنها بۆ خۆدەرخستن دەڵێن چووینە فڵانە ئارایشتگا کە نرخەکەی بەرزە، نرخەکەی بە دۆلارە یاخود نرخێکی بەرزی خەیاڵییە، پڕوپاگەندە بۆ ئەو ئارایشتگەیە دەکەن کە نرخیان بەرزە هەندێکیشیان تەنها بۆ جوانی کارەکە دەگەڕێن گوێ نادەنە نرخی هەرزان‌و گران.

ئارایشتگای شیرین:

ــ بوونی سەندیکا خۆی لەخۆیدا کارێکی باشە چونکە ئەتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخی خراپ بکات ئەگەر سەندیکا نەبێت‌و لێپرسینەوە نەبێت هەموو کەسێك ئەتوانێ ئارایشتگا بکاتەوە بێ ئەوەی هیچ کارامەییەك لەکارەکەیدا هەبێت، یاخود زانیاری هەبێت یاخود مۆڵەتی نەبێت وەك گێژاوی لێدێت کەس بەکەس نابێت بوونی سەندیکا بۆیە گرنگە هەبێت ئەو ئارایشتگایانە کە ئیشیان خراپە پێیان دابخەن‌و عقوبەیان بدەن. هەروەها لەبارەی نرخەوە سەندیکا خۆی سنوور بۆ نرخەکان دائەنێت بەڵام زۆرجار نرخەکانی ئەوان دایئەنێن وانییە لەئارایشتگاکان بەرزو نزمی لەنرخەکان هەیە ماوەیەك لەمەوبەر نرخەکان بە گوێرەی کورت‌و درێژی قژەکەوە دائەنرا هەروەها سەندیکا دوو نرخی دانابوو نەئەبوایە لەو نرخانە زیاتریش یان کەمتر ئەگەر وانەبوایە قبوڵی نەئەکرد لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکردین هەروەها نرخەکان کران بە فۆڕم بەسەر ئارایشتگاکاندا دابەشکرا بێ جیاوازی، ئێستاش ئەوە بەدی ئەکەین ئەتوانم بڵێم زۆربەی ئارایشتگاکان پەیڕەوی ئەکەن هەروەها نرخەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، لەشوێنە گشتییەکان نرخ بەرزترە هەتا ماڵان‌و لاکۆڵانەکان، لەشاری سلێمانیدا زیاتر خەڵك گرنگی بەڕووکەشی ئەدات بەلایانەوە گرنگ نییە گرانە یان نا گرنگ ئەوەیە جوان بن خۆیان دەربخەن یاخود خۆیان دەربخەن چوونە لای فلان ئارایشتگە کە نرخەکەی زۆر بەرزە یان خەیاڵییە زۆر ئافرەتیش هەیە بەدوای جوانی ئیشەکەدا دەگەڕێت.

ئارایشتگای ناز:

پێویستە سەندیکا هەبێت لەڕێی سەندیکاوە ئەتوانین زۆر کار ئاسانیمان بۆ بکرێت، هەروەها سەندیکا نرخەکانمان بۆ دائەنێت بەڵام ئێمە زۆر لەو نرخە هەرزانتر ئیش دەکەین خەڵك کەدێن بۆ لامان کارەکەمانیان زۆر بەدڵە وەك مشتەری خۆمان زۆر خاتریان دەگرین، بگرە یارمەتی ئەوانەش دەدەین کە کەم دەرامەتن چونکە ئەوانیش وەك هەموو ئافرەتێکی دەوڵەمەند حەز بەخۆ جوان کردن‌و ڕازاندنەوە دەکەن، بەڵام ئێمە گوێ نادەینە دەوڵەمەند و هەژاری گرنگ جوانی ئیشەکەمانە هەروەها ئەو ئافرەتانەی دێن بۆ لامان گوێ نادەنە گرانی‌و هەرزانی گرنگ ئەوەیە کارەکەیان بەلاوە جوانە، هەشیانە بۆ خۆدەرخستن بۆ گراترین ئارایشتگا دەچێت بەڵام لەدواییدا پەشیمانەو کارەکەی بەدڵ نییە.

*هەروەها بۆ مەبەستی ئارەزووەکانی خانمان پرسیارمان لەچەند خانمێك کرد ئارەزوو دەکەن بچنە کام ئارایشتگاو ئەوانەی کە نرخیان بەرزە یاخود نزمە یاخود کارەکانیان چۆنە ئەوانیش لەوەڵامدا وتیان:

شەنگە ئەحمەد: زیاتر گرنگی بە جوانی کارەکە ئەدەم مەرج نییە هەرزان بێت یان گران، گرنگ ئەوەیە کارەکەم بەجوانی بۆ ئەنجام بدرێت بەڵام زیاتر بۆلای ئەوانە ئەچم کە پێشتر کاری جوانیان بۆکردووم.

سۆزیار بەهادین: بە دڵنیاییەوە کاری جوان گرانە ڕازاندنەوەی زۆر زیاتر نرخی بەرز دەبێتەوە پێم خۆشە بە ویژدانەوە کاربکەن چونکە هەر هەمان قژبڕین‌و ئارایشتە.

ئامینە خان: وەڵا کوێ هەرزان بێت دەچم بۆ ئەوێ ئیش هەر ئیشە کەس ناتوانێ لەخۆیەوە ئیشی سەربەخۆبکات بۆت یاخود خۆت داوای مۆدیلێك بکەیت ئەو لەخۆیەوە مۆدیلێکی ترت بۆبکات.

بەهار سدیق: دەڵێت من چووم بۆ ئارایشتگایەك نرخەکەی زۆر بەرز بوو بەڵام بە جوانی کارەکەیان بۆ ئەنجام نەدام بگرە قژیان بەناتەواوی بۆ بڕیم بەدڵیشم نەبوو، زۆر پەشیمان بووم پاشتر چووم بۆ ئارایشتگایەك زۆر بەجوانی ئارایشتی بۆ کردم، قژیان بۆ بڕیم کە نرخەکەی زۆر کەمتربوو لەنرخی ئارایشتی پێشوو.

ئەژین جەمال: نرخەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە بگرە لەزۆر شوێندا کارەکانیان زۆر جوانترەو نرخەکانیان زۆر هەرزانیشە، بەڵام لەزۆر شوێندا لەبەر ئەوەی شوێنەکەی لەسەر شەقامی گشتییەو دوکانەکەی فراوان‌و گەورەیەو ئامێری زۆری تیایە نرخەکانیان زۆر بەرزە بەڵام بەداخەوە زۆرجار ئیشەکانیان جواننین تەنها پڕوپاگەندەیەو هیچی تر.